الاتحاد العام اللاجئين العراقيين في بريطانيا
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-UK

# دەستگیرکردنی ریبوار عارف سکرتیری گشتی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەلایەن دەزگای ئاسایشی یەکیتی نیشتمانییەوە دەست دریژییەکی ئاشکرایە بۆسەر ئازادی هەڵسورانی سیاسی و بیروراەدەربرین

بەپێ ئەو هەواڵانەی لەکوردستانەوە پێمان گەیشتووە ،ئەمرۆ 2005-5-5 ریبوار عارف سکرتیری رێکخراوی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەلایەن دەزگای ئاسایشی سلیمانی سەربەدەسەڵاتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان دەستگیر دەکرێ .

گرتنی ریبوارعارف تەنها بە تاوانی بەشداری  و قسەکردن لەرێپێوانی خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی دەبێ کەلەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا دژ بە کایەکردن بەزانست و گەندەلی و فسادی ئیداری دەسەڵات داران بەریان خستووە.

زیندان کردنی  ریبوارعارف جارێکی تر کپ کردنی دەنگی ئازادی و هێرشە بۆ سەر ئازادی هەڵسوارانی سیاسی لەکوردستان وپێچەوانەی ادعایەکە کە هەمیشە یەکیتی نیشتمانی لەمینبەرەکانیانەوە رای دەگەیەنن،ئەم کردارە ناکۆکی و دوشمنی کردنە بەئازادی و ئینسانێت .

ریبوارعارف شەخسیتی ناسراو  وزیاتر لە 20 ساڵە لەمەیدانی  داکۆکی کردنە لەمافە انسانی یەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی لەدەرەوەی وولات تێ دەکۆشی ژیانی سەدان پەنابەری لەهەرەشی گرتن و مردن رزگارکردوە  تا وەرگرتنی مافی پەنابەری ، ولەلایەن سەدان رێکخراوی ئینسانی و پەنابەری و یەکیتی کرێکاری و ئەندام پەرلەمانەوە ناسراوەو ،زیندانی کردنی کەسێکی  بەرجەستەی بووری مافەکانی ئینسان، پیشیلکردنیکی ئاشکرای  ئازادی هەلسورانی سیاسی و رادەربرینە لەلایەن یەکیتی نیشتمانی کوردستانەوەوە پێچەوانەیە لەگەل سەرەتایەترین بنەمای هەر دەسەلاتێك کە ادعای دیمکراسی و بەرقراربوونی ئازادی سیاسی دەکات.  .

ئێمە بەناوی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی یەوە لەبریتانیا، ویرای مەحکوم کردنی ئەم کردەوەیەی ئاسایشی یەکیتی نیشتمانی، هاوکات داواکاری دەست بەجێ ئازادکردنی ریبوارعارف سکرتیری فدراسۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقیین و داوا لەتەواوی رێکخراوەی انسانی و پەنابەری و یەکیتی کرێکاریەکان وپەنابەرانی کوردو عیراقی دەکەیین لەدەرەوەی وولات ،ئەم کردارەی دەزگاکانی ئاسایشی یەکیتی نیشتمانی ئیدانە بکەن وداواکاری ئازادکردنی و بەرەسمیت ناسینی ئازادی هەڵسورانی سیاسی بن لەکوردستاندا.

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا**
5—2-5-5

POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON      TEL:0044 7734 704742